# ئەوەی بەڕاستگۆیی داوای شەهید بوون لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە دەیگەیەنێتە پلەی شەهیدەکان، ئەگەرچیش ئەو کەسە لە سەر جێگاکەی خۆی بمرێت

لە سەهلی کوڕی حونەیفەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەوەی بەڕاستگۆیی داوای شەهید بوون لە خوای گەورە بکات؛ ئەوا خوای گەورە دەیگەیەنێتە پلەی شەهیدەکان، ئەگەرچیش ئەو کەسە لە سەر جێگاکەی خۆی بمرێت».
[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێمان ڕادەگەیەنێت هەرکەسێك داوای شەهیدبوون وکوشتن بکات لە پێناو الله، ولەمەدا ڕاستگۆ ودڵسۆز بێت لە نیەتیدا بۆ خوای گەورە، ئەوا پەروەردگار پلەی شەهیدەکانی پێدەبەخشێت بەهۆی ڕاستگۆیی نیەتی ئەگەرچیش لەسەر جێگاکەی بمرێت بەبێ ئەوەی جیهادی بکرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3157